کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
5-10-2007 2:04بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**کورسی!!؟ ... بەختیارجاف**

bextyarjaf@yahoo. com

هەمووومان دەزانین کورسی بۆ چیە و بۆچیش دروست کراوە، لەسەردانیشتنی هەرکورسی یەکیش کارێکی



ئاساییە و مرۆڤ بۆ حەسانە یاوەخود کارکردن لەسەری دادەنیشێت و بەکاری دەهێنێت و هەرکاتێکیش کورسی بەژێرتەوە بوو هەمان ئەو مرۆڤەی کە دەیان خۆزگە و ئاوات و ماندوو بوون و هەوڵدانت هەیە لە گوزەری ژیانتدا، وەلی گەر ئەم کورسیە ناوی بووە کورسی دەسەڵات و هەندێك لەکورسی دیکە پتەوتر و ئەسڵ تربوو، عەجیب و غەرائیب بۆ ئەو کەسانەی بەبەریان دەکەوێت سەد دەر سەد دەگۆڕێن و دەبنە کەسێکی دیکە کە ئەگەر ماوەیەکیش تۆ لە نزیکەوە ناسیوتە و باش شارەزایی بوویت هەست دەکەیت هەرناشی ناسیت و کەسێکی دیکە یەی و لە هەسارەیەکی دیکەش هاتووە، موخابن ئەمرۆکە زۆربەیکورسی بەدەست و دەسەڵاتدارەکانی ئەم وولاتەی من لەخۆیان گۆڕاون، لەسیماو رووخسارنا... بەڵکو لەهەڵسوکەوتو و گفتوگۆ و، ، ، هتد، تۆ نایاناسیتەوە و هەردەڵێیت لە وڵاتەکەی تۆش لەدایك نەبوونە و تاکی نێوکۆمەڵگاکەشت نین و وەکو تۆش کاتی خۆی نانە ڕەقەش نەبووەبیخۆن، ئاخر گەلێك سەیرە بەڕاستی کاتێك مرۆڤ لە خۆی دەگۆڕێت و کورسی یەك کە هیچی لە کورسییەکی تر جیاوازنیە مرۆڤ بەمجۆرە وەردەگێڕێت و دەبێتە کەسێکی دیکە، ئی خۆ بەتەنها کورسیەکەی ناوی گۆڕاوە، ئەویش دەبێت باش بزانێت کەتاسەربۆکەس نیە.

کورسی و گرتنی کورسی دەسەڵات لەلایەن ئێمە زۆرعەجیبە بەتایبەت لای ئەوکەسانەی تائێستا ئارە قەیەکیان بۆ کورد نەسڕیوە و تۆش چاك دەزانی گەر ئەم کورسیە نەبێت کەلە سەری دانیشتوە کەس حسێبی پەڕمووچەیەکیشیان بۆناکات، کەچی وا لەخۆیان گۆڕاون مەگەر خوا بۆخۆی بزانێت چۆن، دیقەتدە حسێب بۆ کەس ناکات و کەس بە مرۆڤیش نابینێت جگە لە خۆی، هەمووشتێکی لەتۆ چاووە و بۆخۆشی بە شایستەی دەزانێت، تۆ لەچاو ئەو کۆیلەیی و خۆشی بەفیرعەون پیشان دەدات، هەموو کاتێك وەڵامی داواکاریەکانی تۆی بەوەیە بۆچیتە! بۆ ئەویش زەرورەتە ئەگەر داواکاریەکی هەبێت!، تەنانەت پێی غەدرێکی زۆر گەورەیە ئەگەر سەددیناری چاپی تازەش لەسەر مووچەکەت زیاد بێت، بەڵام بۆخۆی چەندی هەبێت هێشتاکەمە، ئەو پێیوایە تۆ هیچ نیت و قابیلی هیچ نیت و هەربەو دیدگایەشەوە سەیری هەمووان دەکات، ئەو دەیەوێت هەرچی هەیەو نیە بۆ ئەو بێت، جاتۆ کیت و چیت کردووە مەرام نیە لای ئەوە چونکە بە نفوس حسێب نیت، بۆیە هەمیشە بیری بەلای ئەوە دایە چیترماوە بیکات تائەوکورسیەی هەیەتی لە دەستی نەداوە و لێی نەسەتێنراوەتەوە، چونکە کورسی بەلای ئەو هەموو شتە و هەموو کەسیەتی، ئاخر ناهەقی نیە لای ئێمە کورسی وەرەسەیە و هەرکەسێك کورسیەکی گرت بەری نادات و بۆهەتاهەتایە گیراوە، گەر بەر هەر گۆڕانکاریەکیش کەوت و کورسیەکەی نەما ئەوا یەکسەر موعارەزەیە و شەڕی ئەولایەنەش دەکات کە بەهەڵەیەکی تەکنیکی کاتی خۆیکورسی پێیداوە، لە دوماهیشدا دەڵێم بەهۆی بەهەڵە بەکارهێنانی کورسیە بۆیە لە وولات و کۆمەڵگاکەی من

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەونایەکسانی و دووریە هەیە لەنێوانی دەسەڵات و هاوڵاتیدا، هەرکەسی کورسیشی گرت دەبێت وەك خەڵكی ئاسایی بێت نەك ئەو شاخ و ئێمەش مێروولە لەچاویئەودا، کەبەدڵنیاییەوە ڕاستیەکەی پێچەوانەیە، دەخوازم لەمە بەدوا کورسی بە دەستەکانمان بە خۆیاندا بچنەوە و بزانن ئەوکورسیەی کە پێیان دراوە مەبەست لێی خزمەتکردنە نەك خۆبادان و دەستکەوت، بالەبەرامبەر مێژووش پیاوی چاك بین چونکە ڕەحم بە کەسمان ناکات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.